سەرۆک کۆماری عێراق بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لە شای سعودیە پێگەیشت

سەرۆک کۆمار عبدولەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لە شای سعودیەوە پێگەیشت بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمکاری عەرەبی. سەرۆکایەتی کۆمار لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" سەرۆک کۆمارلەکەشکی بەغداد پەشوازیکرد لە جێگری باڵیۆزی سعودیە لەعێراق سعید قەحتانی، لەدیدارەکەدا قەحتانی بانگهێشتنامەیەکی لە شای سعودیەوە شا سەلمان کوڕی عبدالعزیز ئال سعود پێگەیشت بە بەشداریکردن لەخولی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی بە تاووتوێکرنی هەرشەکانی ئیسرائیل بە سەرغەزە. سەرۆک کۆمار سوپاسی شاسەلمانی کرد بە ئەو بانگهێشتنامەیە وئاماژەی بەگرنگی هاوکاری وهەماهەنگیەکان دا لەبابەتە هاوبەشەکان. لەلایەن خۆشیەوە قەحتانی مکووڕی وەاتەکەی دووپاتکردەوەلەسەر دامەزراندنی پێیوەندی بونیادنەر لەگەڵ عێراقدا بە بەرژەوەندیەکانی هەردوولا.